سەرۆک کۆمار پێشوازی لە باڵیۆزی ئەڵمانیا دەکات

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید پێشوازیکرد لە خاتوو کریستیان هەمان باڵیۆزی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا لە عێراق بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کۆدەستی موتەبع کووتووە باویکردووە لەمیانەی دیدارەکەدا کە ڕۆژی سێشەممە 7-15- 2025 لە کۆشکی بەغداد بەڕوویچوو ، سەرۆک کۆمار هەوڵەکانی باڵیۆز هەمانی لە پەرەپێدانی پەیوەندیی هاوبەشی نێوان بەغدا و بەرلین و ڕۆڵی لە پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستایەتیی هەردولا بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کاری داهاتوویدا.

لای خۆیەوە خاتوو هەمان سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کۆمار دەربڕی بۆ پاڵپشتیکردنی لە ماوەی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا، جەختیکردەوە کە ئەو پشتیوانیە بەشداربووە لە هەنگاوی بەرجەستە بەرەو بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان عێراق و ئەڵمانیا.